**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٢)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی ڕۆژی ٢٠٢١/١١/٩ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ، و تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی (١):**
بۆ مەبەسـتی حوکمەکانی ئەم یاسـایە، ئەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.
**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتیی توێژینەوە و ڕێنوێنی کشتوکاڵی لە وەزارەت.
**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان.
**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنان و پە سەندکردنی بنەتۆ لە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنوێنی کشتوکاڵی.
**حەوتەم: بنەتۆ:** ئەو بەشـەیە کە بۆ زیادبوونی ڕووەک بەکاردێت وەک بنەتۆی گەنم، جۆ، نیسـک، پیاز، براڵە، پەتاتە و هەر جۆرێکی تر.
**هەشـتەم: پلە:** مەبەسـت لێی پلەی بنەتۆیە کە بەپێی خەسـڵەتی هونەری و خـاوێنی بۆمـاوەیی دیاریدەکرێت.
**نۆیەم: تۆوی بەخێوکەر:** ئەو تۆوەیە کە بە بڕێکی زۆرکەم، لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری ڕاستەوخۆی بەخێوکەری ڕووەک لە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەکان یان زانکۆکان، بەرهەم دەهێندرێت.
**دەیەم: تۆوی بنەڕەتی:** ئەو تۆوەیە کە لە تۆوی بەخێوکەر لە ڕێگەی توێژینەوە کشـتوکاڵییەکان یان لەلایەن کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری کشـتوکاڵی بەرهەم دەهێنرێت، و لە ڕووی بۆماوەیی بەرزترین ئاستی خاوێنی هەیە بەراورد بە تۆوی تۆمارکراو و باوەڕپێکراو.

**یازدەیەم: تۆوی تۆمارکراو:** ئەو تۆوەیە کە لە چاندنی تۆوی بنەڕەت یان تۆوی تۆمارکراوی دیکە، لە ڕێگەی توێژینەوە کشتوکاڵییەکان یان لەلایەن جووتیاری نمونەیی بەرهەم دەهێنرێت، و ئاستی خاوێنی لە ڕووی خەسڵەتی بۆماوەیی بەرزە.

**دوازدەیەم: تەرز:** کۆمەڵێک ڕووەکی خاوێنی لەیەکچووە لە ڕووی بۆماوەییەوە، و بە خەسڵەتی دیاریکراو لە تەرزەکانی تری هەمان جۆری ڕووەک، جیادەکرێتەوە.

**سێزدەیەم: شەتڵ:** ڕووەکی گۆڕاو یان هەمیشەییە کە لە نەمامگەکان دەچێندرێت و زیاد دەبێت، بۆ مەبەستی بازرگانی و دەستا و دەست کردنی لە چالاکی کشتوکاڵیدا.

**چواردەیەم: تۆوی باوەڕپێکراو:** ئەو تۆوەیە کە لە تۆوی بنەڕەت یان تۆوی تۆمارکراو یان تۆوی پەسەندکراوی دیکە، لەلایەن جووتیاری نموونەیی بەرهەم دەهێنرێت، و خەسڵەتی بۆماوەیی هاوشێوەی تەرزی چاندراوی تێدا بەدیدەکرێت.

**پازدەیەم: ڕێبەری تەرزە کشتوکاڵییەکان:** لیستی ناوی تەرزە کشتوکاڵییە پەسەندکراوەکانە کە لە لیژنەی نیشتمانی بۆ تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان دەردەچێت.

**شازدەیەم: ئیستا (ISTA):** ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، تایبەتە بە بواری کشتوکاڵی، و گرنگی بە بەرەوپێشبردنی بواری بنەتۆ دەدات ، و ساڵانە پەیرەو و ڕێنمایی نوێ لەم بوارەدا، دەردەکات.

**حەڤدەیەم: کۆمپانیا:** کۆمپانیای دامەزراو بە پێی یا سا بەرکارەکان، کە پێویستە مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ یان هاوردەکردنی یان هەردووکیانی هەبێت.

**هەژدەیەم: لیژنەی باڵا:** لیژنەیەکی تایبەتە بە تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان و پەرەپێدان، زیادکردن و دابەشکردنی بنەتۆی گونجاو لە هەرێمی کوردستان و عێراق و بارەگاکەی لە هەولێرە.

**ماددەی (٢):**

بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ ، و ڕێکارەکانی، لە ڕێگای مۆڵەتی فەرمی دەبێت.

**ماددەی (٣):**

**مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی فەرمی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ و ڕێکارەکانی:**

**یەکەم:** پێشکەشکردنی داواکاریەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتڵ.

**دووەم:** داواکاریەکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- ناو و ناونیشانی بەرهەمهێن.

٢- شوێنی کێلگە.

٣- جۆر و تەرز و پلەی بنەتۆ و شەتڵ.

**سـێیەم:** پێشـکەشـکردنی بەڵگەنامەی خاوەندارێتی یان مافی هەڵسـوکەوتپێکردن یان بە کرێگرتنی زەوییەکە.

**چوارەم:** پێویسـتە بەڕێوەبەرایەتی داواکـاری کۆمپـانیـا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بەرزیکـاتەوە، بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت.

**پێنجەم:** پێویسـتە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بڕیار بدات بە پەسـە ندکردنی یان پەسـە ندنەکردنی داواکـاریەکە لە مـاوەی (٣٠) سـی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکـاریەکە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە لە ماوەی دیاریکراودا، داواکاریەکە بە پەسەندکراو ئەژمار دەکرێت.

**شـەشـەم:** ئەگەر داواکارییەکە پەسـەند نەکرا دەبێت هۆیەکەی ڕوونبکرێتەوە، و داواکار بۆی هەیە لەماوەی (١٥) ڕوژ تانە لە بڕیاری پە سەند نەکردن پێشکەش بە وەزیر بکات، و پێویستە وەزیریش لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە تانەکە بە یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانەلێدەر ئەژمار دەکرێت.

**حەوتەم:** داواکار دەبێت بڕی(٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بەرامبەر مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شـەتڵ بدات

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** ئەو بنەتۆیەی داواکار بە نیازە بەرهەمی بهێنێت، پێویسـتە لە لیژنەی باڵا تۆمار و پەسـەندکراو بێت.

**دووەم:** ڕێگە نادرێت بە بەرهەمهێنانی زیاتر لە یەک تەرزی کشـتوکاڵی بۆ یەک جۆری بەرهەم لە یەک کێڵگە.

**سێیەم:** ئەو کێڵگەیەی بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆی تەرزێکی دیارکراو بەکاردێت، بە هیچ شێوەیەک نابێت بە تەرزێکی تر، لەهەمان جۆر، لەساڵی پێشوودا چاندرابێت.

**ماددەی (٥):** پێویستە زەوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆ ئەم مەرج و خەسڵەتانەی هەبێت:

**یەکەم:** زەویەکە یان کێڵگەکە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی، کەش و هەوا، جۆری خاک و ڕووبەری کێڵگە گونجاو بێت، بە پێی جۆر و تەرزی بنەتۆیەکە.

**دووەم:** زەویەکە سـەرچاوەی ئاوی پێویسـت و بەردەوامی هەبێت بە تایبەت ئەو شـوێنانەی کە ڕێژەی باران بارینیان کەمە.

**سـێیەم:** دووری نێوان کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی بنەتۆ بۆ ئەو بەرووبومانەی کە (پیتانی تێکەڵاون) (٢٥٠م) دوو سـەد و پەنجا مەتر و بۆ ئەو بەرووبومانەی کە (پیتانی خودین) (١٥٠م) سـەد و پەنجا مەتر بێت.

**ماددەی (٦):**

**بەرهەمهێنەری بنەتۆ پابەندی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم:** خاوێنکردنەوە و دەرمانکردنی بنەتۆی بەرهەمهاتوو تەنها لەو کارگانە ئەنجام دەدرێت کە مۆڵەتی دامەزراندیان هەیە.

**دووەم:** لە قووتونان یان داگرتنی بنەتۆی بەرهەمهاتوو لە گوشی تایبەت، بە پێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی.

**سێیەم:** دەبێت کێشی قووتوەکان و گوشەکان یەکسان بێت و هەموو زانیاریەکانی تایبەت بە بنەتۆیەکەی لەسەر نووسرابێت.

**چوارەم:** دەبێت بەرهەمهێنەری بنەتۆ کۆگای تایبەت بە پاراستنی بنەتۆی هەبێت بەپێی پێویستی جۆری بنەتۆیەکە.

**ماددەی (٧):**

**ئەرک و دەسەلاتەکانی بەڕێوەبەرایەتی بریتین لە:**

**یەکەم:** دیارکردنی پلەی بنەتۆی بەرهەمهاتوو لەلایەن بەرهەمهێنەری بنەتۆ و لێدانی لێبلی تایبەت.

**دووەم:** پشکنینی کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی بنەتۆ، وپشکنینی تاقیگەیی بۆ بنەتۆی بەرهەمهاتوو.

**سێیەم:** ڕەتکردنەوەی بنەتۆ و باوەڕپێنەکردنی ئەگەر هاتوو مەرجەکان جێبەجێنەکرابوون.

**چوارەم:** پشکنەری کێڵگەیی دەبێت ڕەچاوی لەیەکچوونی جۆر و تەرزی چاندراو و بەرهەمهاتوو بکات .

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، مۆڵەتی هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەستبێنن.

**دووەم:** بە مەبەستی هاوردەکردنی بنەتۆ یان شەتڵ داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی دەکرێت و ئەم پێداویسیانەی خوارەوەشی لە گەڵدادەبێت.

١- ناو و ناونیشانی کۆمپانیا.

٢- بەڵگەنامەی دەستەبەریی لە یەکێک لە بانکەکان بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠) بیست ملیۆن دینار.

٣- بڕوانامەی دامەزراندن بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان و تۆمارکردن بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقن یان لقی کۆمپانیای بیانین لە هەرێم.

٤- ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان.

٥- گرێبەستی نێوان خۆی و کۆمپانیا یان دەزگای ڕەسەنی بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتڵ.

٦- هەموو داتایەکی زانستی و هونەری باوەڕپێکراو لەسەر کۆمپانیا یان دەزگای بەرهەمهێن.

**ســـێیەم:** دوای دڵنیابوون لە مامەڵەی کۆمپانیا دەبێت داواکاریەکە بەرز بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**چوارەم:** پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڕیاربدات بە پەسەندکردن یان پەسەندنەکردنی داواکاریەکە لە مـاوەی (٣٠) ســی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکـاریەکە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە داواکاریەکە بە پەسەندکراو ئەژمار دەکرێت.

**پێنجەم:** ئەگەر داواکارییەکە پەسەندنەکرا پێویستە هۆیەکەی ڕوون بکرێتەوە، داواکار بۆی هەیە تانە لە بڕیاری پەســەندنەکردن بدات لەلای وەزیر، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ، و پێویســتە وەزیریش لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە، و لە ئەگەری وەڵام نەدانەوە، تانەکە بە یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی تانە لێدەرئەژمار دەکرێت.

**شــەشــەم:** داواکار دەبێت بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بدات بەرامبەر مۆڵەتی هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ.

**ماددەی (٩):**

**پێویستە بنەتۆ و شەتڵی هاوردەکراو ئەم بەڵگەنامانەی لە گەڵدابێت:**

**یەکەم:** بڕوانامەی سەرچاوە.

**دووەم:** بڕوانامەی سەلامەتی تەندروستی بنەتۆ و شەتڵ.

**سێیەم:** بڕوانامەی پشکنینی باوەڕپێکردنیووڵاتی سەرچاوە، بەمەرجێک ڕێکەوتی پشکنین (٣) سێ مانگ بۆ بنەتۆی بەرووبومی کێلگەیی، و (٦) شەش مانگ بۆ بنەتۆی دارستان و پاوان لە ڕێکەوتی هاتنەناوەوەی لە مەرزی سنوریی پەیوەندیدار تێپەڕنەکات.

**چوارەم:** بڕوا نامەی ســەلامەتی و پشــکنین بە پێی خەســڵەتەکانی (ئیســتا ISTA)، بەمەرجێك لە تاقیگەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن (ئیستا ISTA)وە دەرچووبێت.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** وەزارەت مەرزی سنووریی بۆ مەبەستی هاوردەکردن دیاریدەکات.

**دووەم:** گواســتنەوەی بنەتۆ و شــەتڵ لە نێوان هەرێمی کوردســتان و پارێزگاکانی تری عێراقدا، دەبێت نووسراوی لارینەبوونی وەزارەت و ئەو لایەنەی لەگەڵ بێت کە بۆی دەگوازرێتەوە.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی بەرپرسە لە پشکنینی بنەتۆ و شەتڵی هاوردەکراو لە کاتی گەیشتنیدا.

**چوارەم:** هـاوردەکردنی بنەتۆی گەنم و جۆ، هەفتەیەک دوای کۆتـایی هـاتنی بە بـازاڕکردنی گەنم لە سایلۆکان دەست پێدەکات و تا کۆتایی مانگی کانونی یەکەم ڕێگە بە هاوردەکردن دەدرێت.

**ماددەی (١١):**

ســەنتەری توێژینەوە کشــتوکاڵییەکان و زانکۆکان بۆیان هەیە بنەتۆی پەســەندنەکراو هاوردەبکەن، تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە و بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم:** لیژنەی باڵای تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەت بە سەرۆکایەتی وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامێتی ژمارەیەک شارەزا لە بوارە جیاجیاکان پێکدەهێنرێت، بە مەرجێک لە (١٢) دوانزە ئەندام زیاتر نەبێت، بۆ مەبەستی تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان.

**دووەم:** لیژنە هەڵدەستێت بە تۆمارکردن، پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەم هاتووەکان، و پەرەپێدانی بنەتۆی گونجاو و چۆنیەتی زیادکردن، دابەشکردن و وەرگرتنەوەی.

**سێیەم:** ماوەی پارێزبەندی لەسەر تەرز یان بنەچە یان لێکدراو تەنها (١٠) دە ساڵە، و لە بەرواری پێشکەشکردنی داواکاری تۆمارکردن دەست پێدەکات، جگە لە تەرزی درەختەکان کە ماوەی پارێزبەندیان (٢٠) بیست ساڵە.

**ماددەی (١٣):**

**یەکەم:** بە پێبژاردنێک کە لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (٣) سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە (١) یەک ساڵ زیاتر نەبێت، یان بە هەردووکیان سزادەدرێت، هەرکەسێك یەکێک لەم سەرپێچیانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ بەبێ بوونی مۆڵەت.

٢- هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ بە پێچەوانەی مەرجەکانی هاوردەکردن.

٣- پێدانی نموونە و زانیاریی هەڵە کە هاوتا نەبێت لەگەڵ بنەتۆ و شەتڵی هاوردەکراو.

٤- ئاستەنگ دروستکردن بۆ پشکنەری بنەتۆ.

٥- بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بنەتۆ بێ ئەوەی پشکنینی تاقیگەیی بۆ کرابێت.

**دووەم:** سەرەڕای حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، تێچووی چارەسەرکردن یان لە ناوبردنی بنەتۆی هاوردەکراو یان بەرهەمهاتوو دەکەوێتە ئەستۆی سەرپێچیکار، و مۆڵەتی بەرهمهێنان و هاوردەکردنی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

**یەکەم:** لیژنەیەک لە وەزارەت پێکدەهێندرێت، بە مەبەستی پێشنیارکردن بۆ وەزیر بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ لەم بارانەی خوارەوەدا:

١- ئەگەر بەرهەمهێن یان هاوردەکاری بنەتۆ و شەتڵ یەکێک لەو سەرپێچییانەی ئەنجامدا کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٣)ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

٢- ئەگەر بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتڵ بەبێ ڕەزامەندی وەزیر دەستبەرداری پرۆژەکەی ببێت.

٣- ئەگەر بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتڵ دەستبەرداری کێڵگەکەی بێت.

٤- بەسەرچونی گرێبەستی بەکرێگرتنی زەویەکەی.

٥- ئەگەر بەرهەمهێنی بنەتۆ و شـەتڵ بەردەوام نەبوو لە جێبەجێکردنی گشـت مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

**دووەم:** ئەرک و پێکهاتەی لیژنەکە بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیرەوە دیاریدەکرێت.

**ماددەی (١٥):**

وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (١٦):**

پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٧):**

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکوک بێت.

**ماددەی (١٨):**

ئەم یاسـایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردسـتان)دا، جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو ڕێکخسـتنی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتو و شـەتڵ، و هاندانی کەرتی تایبەت لەم بوارەدا، و بە مەبەسـتی تۆمارکردن و پەسـەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشـتوکاڵییە بەرهەمهاتووەکان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**